## نێچیری هەفتە 27-4-2005

- بۆیە بۆڕی ئاوەکانی قەلاَدزێ قوڕاوی لێدەرەچێت , چونکە بە نیازن بیکەن بە بەهەشت و جۆگەلەی شیری بۆ ڕاکێشن , بەنیاز بوون ڕۆژی کارەساتی قەلاَی شەهیدان و بەرخودان یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێ ئەنجام بدەن , بەلاَم بەهۆی شەڕە کورسییەوە دوا خرا بۆ بنی مانگ , خوا کردی نەکەوتە 28-4 ەوە . لە یادی هەلَەبجە مەشعان جبوری دەیەویست ببێت بەسەرۆک پەرلەمان , لە یادی ئەنفالدا جاشەکان خانەنشینکران , لە یادی قەلاَدزێدا وەفیق سامەڕائی تاجی زێڕینی لەسەرنا , ئەوەندە یادی قوڕ بەسەریمان هەیە , بەشی هەموو مەراسیمی بە دەسەلاَت گەیشتنەوەی تاوانباران دەکات . لە ترسی بەرپرسەکانی قەلاَدزێ ناوێرم داوای دروستکردنەوەی زانکۆ بکەم لەسەر شوێنی ئەو زانکۆیەی قوتابییانی بوونە قوربانی , چونکە زەوییەکەی وەک هەموو کوردستان قوت دراوە , نەک تەنها کرێکاران نیشتمانییان نییە , بەلَکە ئاوارەو ئەنفال و هەلَەبجەییەکان و قوربانییانی قەلاَدزێش لەبەر ئەوەی زەوییان نییە , کەواتە بێ نیشتمانن .
- لە ڕۆژنامەیەکدا بە ڕیکلاَمی گەورەی وێنەداری سکۆب ملەوەن نوسرابوو , مافی خۆمانە لە دەرگە لێدان نەترسین , گیانە پێمان مەفرۆشنەوە , قورقۆشم لە بان سەرمان بتاوێننەوە وێنەی ئێوەی لێ دەرەچێت , نەک تەنها لە دەرگە لێدانتان بەلَکە لە جیرەی دەرگاو تەماشا کردنیشتان زەندەقمان چووە . تەنها لە کوردستان نا بەلَکە لە هاندەرانیش , لە ترسی تەقەی ئێوە ڕوح لە جەستەمان تاراوە , چونکە دەزانیین ئەمڕۆ تەقەی دەرگایە و سبەی فیشەک .

- برادەرێک ووتی : نازانم نەخۆشی شەکەرە و زەخت بۆ وا زۆربووە لە کوردستان , دیارە خەلَک پارێز ناکەن لەخواردنی شیرینی و چەوریو گۆشتی سور بۆیە وا بە کۆمەلَ تووش دەبن , خۆ تا پاریش نامان توانی 2 ژەم خۆراک و 1 دانە چای ڕۆژانە بخۆین و بخۆینەوە , نازانم ئەم نەخۆشییانە دەردو بەلاَیە یان غەزەبی خوا , بەس بەرۆک بە هەژارانیش دەگرێت.
لە وەلاَمدا ووتم : گیانە ئەوە زەختی تەسکییەو شەکەرەی زەوی دابەش کردن و شیر پەنجەی دزی و دەردو بەلاَی تەپ و تۆزی بەرپرسان و غەزەبی حیزب و سەرکردەی دەسەلاَتداری کوردستانە , ئەوەندە لافیتە ڕەشەی لە کوردستان بۆ مردووان دەنوسرێت , لە مۆزەمبیق و غانای ئایدز گرتووی لە برسا مردووش هەلَناواسرێت .

- سەفیری ئەمەریکا پرۆژەی ئاوی هەلَەبجەی هەلَوەشاندەوە , ڕاگەیاندنەکان ڕایان گەیاند تەنها 50 % ی خەلَکی هەلَەبجە ئاوی خواردنەوەیان هەیە , ئەمە نە درۆی هەلَبەستراوی منە , نە پروپاگەندەی تابوری پێنج , ئێستا بەرپرسان ویسکی و ئاوی مقەتەر نەبێت نایینێن بەسەرەوە , هەلَەبجەش کە باشترین دوکانی سیاسەتە , وەک دەبینن خەلَکەکەی ئاوی

خواردنەوەیان نییە , دەترسم لە کیمیایەکەی هەڵەبجە چەندییان دەسکەوت , لە ئاو ڕاکێشانەکە زیاتر .

- بەسێ جار کۆبونەوە پاپای نوێ هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی 1,1 ملیار کاسۆلیکی جیهان , 20000 کەس چاوەڕوانی دوکەڵی سپییان کرد لە کونی دوکەڵکێشی کەنیسەی سیستینەوە, یەکەم و دووەم جار نەگەیشتن بە ئەنجام بۆیە لولەی دوکەڵکێشەکە دوکەڵەکەی خۆڵەمێشی بوو , بەڵام بۆ سێیەم جار دوکەڵی سپی دڵی هەموو جەماوەری ئێشک گرتووی بەر دەرگای کەنیسەی گەشاندەوە . ئێمەی کوردیش لە ساڵی 1994 ەوە سەیری دوکەڵکێشی پەرلەمانەکەی کوردستانە کەین , لە پەرلەمان بوبێت یان مەیدانی حەیوانان , پاش سەدان خولی دانیشتن , هێشتا لە جیاتی دوکەڵی تەنانەت خۆڵەمێشیش , دوکەڵی قەترانی لێ دەچێت بە حەلحەلەی ئاسمانا .

– سکرتێری کەمپینی ئازادی عێراق , کە کەسی دووەمی حیزبە مرۆڤ دۆست و یەکسانخوازەکەشییەتی , بڕیار وایە خوا دوعاو نزاکانی خۆی و حیزب و کەمپینەکەی قەبوڵ بکات , عەلمانییەت و یەکسانییمان بە دیاری بۆ بهێنێت , عەمامە بەسەری فەقێ و مەلاکانەوە نەهێڵێت , کەچی خۆی لە دە هەزارییەکانی کەرکووکە, ئازادی بە وولات داگیرکردنەوە وەک دەعوەت کردنی نان و کەبابی بلبولی ناو قەفەس وایە .

– مانگی چوار ناسراوە بە مانگی درۆ , جێی خۆیەتی هەموو هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان لەم مانگەدا ئەنجام بدرێن , چونکە نیسان نەبێت مانگەکانی دیکە باری درۆی هەڵبژاردنیی کوردستانییان پێ هەڵناگیرێت .

– سەرۆکی عێراق 1 ملیۆن مانگانەکەیەتی , سەرۆکی هەولێر و سلێمانیش مەگەر بەس خوا بزانێت چەند سەت ملیۆنە . سەرۆکی عێراقی ساڵانە 33000 جاری خانەنشینێک وەرە گرێت , بەڵام سەرۆکی شارێکی کوردستان 33 ملیۆن جار . لە هەندێک وولاتی سەرمایەداریی نا بێت جیاوازی داهات 10 جار تێپەڕێنێت , لە نێوان هەژارترین کەس و سەرۆکی وولات . ئەوە سەرمایەداری گوایە چەوسێنەر و زاڵمە جیاوازی ئەوەندەیە . باشە قوڕ بەسەرمان ئەم سستەمەی کوردستان ئەبێت ناوی چی بێت ؟؟ حەزیادار یان حوتینیزم ؟؟.